# ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن لە دوای پێکهێنانی حکومەتی یەکگرتووی کوردستانەوە

**ڕێکار ئەحمەد**



مخابن تا ئێستاش چەمک و واتای ئۆپۆزیسیۆن وەک خۆی بۆ خەڵکی کوردستان ڕاڤە نەکراوە، تا ئێستاش هەندێک سیاسەتمەدارو هێزی سیاسی وشەی ئۆپۆزیسیۆن بە نەیارو دوژمن چاو لێدەکەن و لەنێوبردنی بە باشترین چارەسەر دەزانن. لەڕاستیدا بوونی ئۆپۆزیسیۆن خزمەتێکی گەورە بەکۆمەڵگەو دۆزی نیشتیمانی و نەتەوەیی دەکات، ناکرێ لەپەنای بیانوو پاساوی ناڕاستەوە هەوڵی سڕینەوەی ئۆپۆزیسیۆن بدرێ. نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنی بەهێز ئادگاری دەستەڵاتێکی لاوازو کەساس بەرجەستە دەکات و پێشانی دەوروبەری دەدات. لەم سۆنگەیەوە دەتوانین ڕاشکاوانە بڵێین: لاوازی ئۆپۆزیسیۆن لەباشووری کوردستاندا وای کردووە کە دەستەڵات درێژە بەگەندەڵیەکانی خۆی بدات و بێپەروا حکومەت و دامودەزگاکانی بە حزب و ئەندامانی بسپێری و زۆرینەی جەماوەری لێبێبەری بکات. لەهەمان کاتیدا لاوازی دەستەڵات و سیاسەتی دیکتاتۆریانەیە کە ڕێگەی نەداوەو ناهێڵێ ئۆپۆزیسیۆنێکی کاراو بەهێز بێتە مەیدان و چاودێری بەسەر ڕەفتارو چالاکیەکانی حکومەتدا بکات. تا ئۆپۆزیسیۆن چالاک و کارا نەبێ ناتوانین بڵێین سیستەمی فەرمانڕەوایی دیموکراسیە یان بەرەو دیموکراتیزەکردن هەنگاو هەڵدەگرێتەوە. کاتێک حکومەت یان هێزی دەستەڵاتدار لەبەرانبەر هێزێکی دەرەوەی دەستەڵات سەنگەری دوژمنایەتی هەڵبژێری و ڕاشکاوانە هەوڵی سڕینەوەو لەبێنبردنی بدات، قسەکردن لەدیموکراسی بوون و هەنگاوهەڵێنانەوە بۆ دیموکراتیزەکردن لەفریودان بەولاوە ئاکارێکی دیکە نابەخشێ و کەسیش باوەڕی پێناکات و ناشکرێ باس لەهێزی ئۆپۆزیسۆن بکەین.

ئۆپۆزیسیۆن بە واتا ڕاستینەکەی ئەوەیە کە هێزێکی دەرەوەی دەستەڵات هەم بەرنامەی سیاسی لەدەستەڵات جیاوازەو هەمیش لەچوارچێوەی یاساو دەستووردا چاودێری بەسەر کارەکانی حکومەت دەکات و باوەڕی بە دەستاودەستکردنی دەستەڵات هەیەو ڕاشکاوانەش بۆ وەرگرتنی دەستەڵات تێدەکۆشێ. لەم ڕوانگەیەوە ئەو هێزانەی کە بەشداری لەکابینەی حکومەتدا دەکەن و پارسەنگی دەستەڵات ڕادەگرن، لەدەستکەوت و داهاتی حکومەت بەهرەمەندن واتای ئۆپۆزیسیۆن نایانگرێتەوەو ناشتوانن ڕۆژێ لەڕۆژان لافی ئۆپۆزیسیۆن بوون لێ بدەن، لێ مخابن ئەمڕۆ هەم ئەو هێزانەی کە دەستەڵاتدارن هەم ئەو هێزانەی کە لەحکومەتدا بەشدارن لەڕاگەیاندنەکانی خۆیاندا چەواشەکاری لەبەرانبەر جەماوەر بەڕێوەدەبەن و درۆزنانە ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن کایە دەکەن، ئەو کایە کردنە هەم سیاسەتێکی دیماگۆجیانەیەو هەمیش زیانێکی گەورە بەکۆمەڵگەو دۆزی نەتەوەیی دەگەیەنێ. ناکرێ هێزێک هەم دەستەڵات بێ و هەمیش ئۆپۆزیسیۆن، ئەرکی هێزی دەستەڵاتدارو بەشدار لەحکومەت ئەوەیە لێبڕاوانە خزمەت بکات و ڕێگە لەکێماسی و گەندەڵیەکان بگرێ. کاتێ کێماسی و گەندەڵیەکان درێژەیان پێدەدرێ ئەوە ئەرکی هێزی ئۆپۆزیسیۆنە کە بۆ جەماوەر خۆیایان بکات و پێشانیان بدات. لەم نێوەندەدا ئەرکی ئۆپۆزیسیۆنە پشتیوانی لەهەنگاوە باش و خزمەتگوزاری و نیشتیمانیەکانی حکومەتدا بکات و دوژمنایەتی نەکات، بەڵام دیسانەوە دەبێ ڕاستوێژانە زێرەڤانی بەسەر دەستەڵاتداران و کارەکانی حکومەتدا بکات و لەکاتی بەڕێوەچوونی سیاسەتێکی نا نیشتیمانیانە ڕاشکاوانە ڕای گشتی جەماوەر بوروژێنێ و بیانهێنێتە سەر شەقام و ڕێپێوانیان پێ بکات. تەنانەت مافی ئۆپۆزیسیۆنە کە داوا لەحکومەت بکات کە دەست لەکار بکێشێتەوەو خۆی هەڵوەشێنێتەوە. ئەگەر حکومەت و دەستەڵاتداران تەنیا ئەو هێزانەی دەرەوەی خۆیان کە پەسن و ستایشیان دەکەن و بەشان و باڵیاندا هەڵدەدەن، قەبوڵ بێ، ئەوکاتە ئەرک و کاری ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستین قورس و گرانتر دەبێ، بەداخەوە ئەمڕۆ لەباشووری کوردستاندا تەنیا ئەو هێزانەی دەرەوەی دەستەڵات کە پەسنی حکومەت و دەستەڵاتداران و سەرکردەکانیان دەکەن، لەپێشەوەن و مافی ژیان و بوونیان پێڕەوا دەبینرێ. ئەم سیاسەتە زۆر لەسیاسەتی دیکتاتۆریانەی ڕەها ترسناک و پڕ کارەساتترە. زەمینەی فرە حزبی و ڕامانی ئازاد بەرتەسک دەکاتەوەو دەیخنکێنێ.

بێگومان ئۆپۆزیسیۆن تەنیا ئەو هێزانە ناگرێتەوە کە لەنێو پەرلەماندا سەنگەری ئۆپۆزیسیۆنی هەڵدەبژێرن و بەشداری لەپێکهێنانی کابینەی حکومەت و دەستەڵاتدا ناکەن، دەکرێ هێزێکی دەرەوەی پەرلەمان کە لەبەر هەر هۆیەک بووبێت نەگەیشتبێتە پەرلەمان، بەڵام سەنگەری ئۆپۆزیسیۆن هەڵبژێری و ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن کایە بکات. لێرەدا ڕەوایەتی ئۆپۆزیسیۆن دەردەکەوێ و لایەنە دەستەڵاتدارەکانیش ناتوانن پەراوێزی بکەن و بیسڕنەوە. بەداخەوە هەندێ هێزی سیاسی و سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیریش بوونی ئۆپۆزیسیۆن لەباشووری کوردستاندا ڕەت دەکەنەوەو پێیانوایە کە لەباشووری کوردستاندا هێزی گەورە یان بچووک وەک ئۆپۆزیسیۆن بوونی نیە. لێرەدا مافی خۆمانە بەرگری لەڕۆڵی حزبی ڕزگاریی کوردستان بکەین کە ماوەی 14 ساڵە لێبڕاوانە وەک ئۆپۆزییسیۆن لەدەرەوەی دەستەڵات کاری کردووە، بەرنامەی سیاسی جیاوازی لەگەڵ هێزە دەستەڵاتدارەکان و هاوپەیمانانی ئەواندا هەیە. لە هەڵوێستی نیشتیمانی و نەتەوەیی پشتیوانی لەحکومەت کردووە، لەبەرانبەر هاوێرکاری و بێبەشکردنی زۆرینەی خەڵک و برەودان بەگەندەڵی هەڵوێستی گرتووەو ڕەخنەی لێگرتوون. لەوەی کە نەبۆتە بەشێک لەسەنگەری شەڕی نێوەخۆ پێشەنگ بووە، هەر ئەمەش وایکردووە کە دەستەڵات هەوڵی بچووککردنەوەو پەراوێزکردنی بدات.

ئایا دوای پێکهێنانی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان بواری ئۆپۆزیسیۆن دەمێنێتەوە؟!. ئایا حکومەت دەرفەت بەئۆپۆزیسیۆن دەدات بەئەرکی سەرشانی خۆی هەڵبستێ و خزمەت بەدۆزی گەل و نیشتیماندا بکات؟!. لەوەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەدا دەبێ بگوترێ: بوونی ئۆپۆزیسیۆن و کاربوونی لەدوای دەستبەکاربوونی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان پێویستی و خواستێکی قۆناغەکەیە، تەواو لەبەرژەوەندی دۆزی ڕەوای گەل و نیشتیمان دایە. هەر هێزێکی دەرەوەی دەستەڵات ئەگەر ڕاستگۆ لەگەڵ بەرنامەو ڕامانی سیاسی خۆی بێتەوە، دەبێ سەنگەری ئۆپۆزیسیۆن ئاوەدان بکاتەوەوشێلگیرانە چاودێری بەسەر کارەکانی حکومەتدا بکات و پێگەی خۆی لەنێو جەماوەردا پتەوو فراوانتر بکات و خۆی بۆ هەڵبژاردنی داهاتوودا ئامادەبکات. دەبێ دووپات بکرێتەوە کە ئۆپۆزیسیۆن واتای دوژمنایەتی ناگەیەنێ، بۆیە نابێ حکومەت و دەستەڵاتدارانیش بە عەقڵیەتی پێشوو ڕەفتار لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆندا بکەن. ڕەنگە لەداهاتووی نزیکدا حکومەت دەرفەتی کارکردن لەبەردەم ئۆپۆزیسیۆندا بەرتەسک بکاتەوەو ڕێگەی پێنەدات ئازادانە کارو چالاکیەکانی خۆی درێژە پێبدات و ڕۆڵی خۆی کایە بکات، بەڵام دیسانەوە مانای ئەوە نابێ کە ئۆپۆزیسیۆن چاو لەسۆزو بەزەیی حکومەت ببڕێ و بە فەرمان و قسەی ئەو بجولێتەوە. چۆن حکومەت و دەستەڵاتداران لەبەرانبەر گەل و کێشەی نیشتیماندا بەرپرسیارن، بەهەمان شێوەش ئۆپۆزیسیۆن بەرپرسیارەو دەبێ لێبڕاوانە ئەرکی سەرشانی خۆی ڕاپەڕێنێ و چاودێری بەسەر کارەکانی حکومەتدا بکات و جەماوەری لێ هۆشیار بکاتەوە. بەهێزکردنی سەنگەری ئۆپۆزیسیۆن لەتەواوی ئەو هێزانەی کە ڕاستوێژانە خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆن دەزانن، دەخوازێ کە ڕیزەکانی خۆیان بەهێز بکەن و هاوکاری و هاوپەیمانێتی دروست بکەن و وەک یەک سەنگەر ڕووبەڕووی پێشهات و ڕووداوەکان ببنەوە. لێرەدا من بە ئەرکی حزبی ڕزگاریی کوردستانی دەزانم کە لێبڕاوانە پشتیوانی لەکابینەی حکومەتی یەکگرتووی هەرێم بکات و هیوای سەرکەوتن و خزمەتگوزاری زیاتری بۆ بخوازێ، بەڵام دیسانەوە دەبێ درێژە بە ئۆپۆزیسیۆن بوون بدات و ڕاشکاوانەتر چاودێری بەسەر کارو چالاکیەکانی حکومەتدا بکات و پێوەندی باش و گەشەسەندوو لەگەڵ جەماوەردا دروست بکات. لەهەمان کاتیشدا لەتەواوی ئەو هێزو لایەن و کەسایەتیانەی کە دووپات لەسەر بەهێزبوونی ئۆپۆزیسیۆن دەکەنەوە، دەخوازین کە پێوەندی و هاوسەنگەری لەگەڵ حزبی ڕزگاریی کوردستاندا بەهێزتر بکەن و یەکگرتووانە ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستین کایە بکەن و لەو پێوەندییەدا خزمەت بە دۆزی ڕەوای گەل و نیشتیمان بکەن.

# به 42 شۆك بووم!

**هاشم عەبدوڵڵا محێدین**

هەمووومان بە پەرۆشەوە لەبەردەم تەلەفزیۆن دانیشتبووین و لەپێکهێنانی کابینەی حکومەتی یەکگرتووی کوردستانمان دەڕوانی، لەخۆشیاندا ڕۆندکی شادیمان دەباراندو ئاواتمان دەخواست کە ئەمە سەرەتای لەگۆڕانی سیاسەتی فیفتی – فیفتی بێ و ئیدی بەرەو هاوڕکی و شەڕی نێوەخۆ نەگەڕێینەوە، بەڵام کاتێ ناوی 42 کەس وەک ئەندامانی ئەو کابینەیە خوێندرانەوە، دووچاری شۆک هاتم. شۆک نەک لەبەر ئەوەی کەسانی بەتواناو خاوەن بڕوانامەی بەرزی تێدابوو، شۆک لەبەرئەوەی یەکەمین جارە لەمێژووی هەر وڵاتێکدا کە کابینەیەکی 42 وەزیری بۆ سێ پارێزگا پێکبێ!!. لەدەستپێکدا ئەمە دیارترین خاڵی نێگەتیڤی کابینەکەیەو لەداهاتووشدا گرفت و ئارێشی گەورەتر بەدوای خۆیەوە ڕادەکێشێ.

ئەگەر بەوردییەوە ئەو ژمارەیە هەڵسەنگێنین، دەگەینە ئەو باوەڕەی کە ئەم کابینەیەش لەیەکەمین هەنگاوی خۆیدا کەمئەندامە، گومان ناکرێ دەست لەدارەڕێ بەردات و بەسەر پێ بکەوێ. ڕەنگە ئەم کابینەیەش پاساوی ساوایی و پەلەلێکردنی بۆ بهێنرێتەوەو چەند ساڵی دیکەش ئاوا بیگوزەرێنن. تێکەڵاونەکردنەوەی چوار وەزارەتە گرنگەکە خۆی لەخۆیدا پرسیار گەلێکی لەخۆیدا لوولداوە. دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لەوەزیرانی هەرێم، واتە وەزیری ماڵەخۆ، دیسانەوە چەندین پرسیار پەلکێش دەکات و تێمان دەگەیەنێ کە بۆ ڕازیکردنی دڵی ئەم و ئەو گەلەکۆمەکی لەگەڵ کراوەو چەندین وەزیری بێکاری بەسەردا سەپێنراون. دیارە هەر وەزیرێکیش بڕیارێکی دەبێ، بەو پێیە بێ وەزیرو بریکارەکان دەگەنە زیاتر لە 80 کەس. ئەوانەش هەموویان مووچەی تایبەت و پاسەوان و ئۆتۆمۆبیلی خۆیان پێویستە، سکرتێرو چایەچی و بەردەستیان دەوێ، ئەو پارەیەش لەبودجەی حکومەت دەردەچێ و لەپڕۆژەکان کەم دەکاتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە دۆزینەوەو بەکرێ گرتنی شوێن بۆ چەندین وەزارەتی تازە دروستکراو، شاری هەولێری پێتەخت دووچاری قەیرانێکی دیکەی نیشتەجێبوون دەکاتەوە، نرخی خانوو هەورازتر هەڵدەکشێ، لەو ناوەشدا بەپلەی یەکەم هەژاران و کەمدەرامەتان زیانیان لێدەکەوێ. کابینەیەک کە هەر لەسەرەتاوە لەسەر کپکردنی دەنگی ئۆپۆزیسیۆن دابمەزرێ و بۆ خامۆشکردنی دەنگی ناڕازیان وەزارەتی هەرێم و پۆستی دیکە دابەش بکات، ناتوانێ خزمەتگوزارو بەرهەمهێن بێ. کابینەیەک کە هەر لەسەرەتاوە مەرج بۆ بەشدارییپێکردنی لایەنەکان دابنێ و ڕێگەی ئۆپۆزیسیۆن دابخات، نەک ناتوانێ لەبەرژەوەندی کۆمەڵگەدا هەنگاو هەڵبگرێتەوە، بەڵکو ناچار دەبێ دڵی حزبە بەشداربووەکان ڕازی بکات و بەرنامەی سڕینەوەو پەراوێزکردنیش بۆ ئەوانەی دەرەوە دابڕێژێ. پێکهاتەی ئەو کابینەیە تێمان دەگەیەنێ ئەو لایەنانەی بەر لەپێکهێنانی کابینەکە خۆیان گیف دەکردەوەو داوای پۆستی گرنگ و زیاتریان دەکرد، لەبەرانبەر گوشاری دەستەڵاتداران چەمانەتەوەو بە هەموو بەشداری پێکردنێک ڕازی بوونە. ئەمە یان بێهێزیی گوتارو بەرنامەی سیاسی لایەنەکان ئاشکرا دەکات یان گەورەیی و توندی گوشاری دەستەڵات پێشان دەدات!!. دەستەڵاتدارانی باشووری کوردستان هەمیشە باسی ئەزموونی سەرکەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن و خوازیارن کە تەواوی عێراق لەو ئەزموونە سوودمەند بێ، ئەگەر وابێ دەبێ کابینەی حکومەتەکەی نوری مالیکی لە 126 وەزیر پێکبێ. بۆ هەر وەزارەتێکی گرنگ، وەزارەتێکی دەوڵەت بۆ کاروباری ئەو وەزارەتە پێکبێ، بەڕاستی ئەمە نەدەکرێ و نە سوودمەندیش دەبێ، کەواتە با هەر خۆمان لەو ئەزموونە سوودبەخش بین و نەهێڵین بگاتە هەرێمەکانی دیکەی عێراق!!.

# کێشەی سیاسی گەلی کوردو یەکپارچەیی خاکی عێراق بەرەو کوێ؟

**هۆشیار عەبدولڕەحمان**

لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و دروست کردنی دەوڵەتی عێراق لەلایەن ئیمپریالیزمی جیهانییەوەو بەسەرپەرشتی ئینگلیزەکان بۆ مەرامی تایبەتی کۆلۆنیالی خۆیان، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو یاسا نێو دەوڵەتی و ماف و بەرژەوەندییەکانی سەرجەم نەتەوەو تائیفەکانی نێو عێراقیان ژێر پێ خست، بەتایبەتی لەدوای بەزۆرلکاندنی ویلایەتی موسڵ بەدەوڵەتی نوێی عێراق لەساڵی 1921 بەدواوە لەلایەن ئینگلیزەکانەوەو بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕەزامەندی و هیچ ڕاپرسیەک بەدانیشتوانەکەی کە زۆرینەی خەڵکی کوردیان پێک دەهێنا، ئەم عێراقەیان بەزۆر پێکەوەلکاندن دروست کرد. بەدرێژایی مێژووی سەرجەم بزووتنەوەو سەرهەڵدان و شۆڕشەکانی کورد هەر لەشۆڕشەکەی شێخ مەحمودی نەمر لەساڵی 1919وە تا ڕاپەڕینە مەزنەکەی 1991 لەباشووری کوردستان، هەموو دروشم و ستراتیژەکانی حزب و ڕێکخراوی سیاسی کوردی جێگیر نەبووەو هەڵچوون و داچونی بەخۆیەوە دیوە، هەر لەدروشمی سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی هەر چوار پارچەکەی کوردستان و ئۆتۆنۆمی و فیدرالی زەق کردوەتەوە، بۆیە ئەم یاری کردنە بەدروشمە سەرەکیەکانی شۆڕشی کوردەوە جۆرێک لەنائومێدی لەلای نوخبەو شەقامی کورد دروست کردووە. بۆیە دەبینین حزبی سیاسی وا هەبووە لەچلەکاندا دروشمی سەربەخۆیی بۆ کوردستان بەرز کردوەتەوە، کەچی دوای هەرەسهێنانی ئەم بزاڤە، حزبێکی تر هاتووە دروشمی ئۆتۆنۆمی بەرز کردوەتەوە، خەباتی سیاسی و چەکداری و جەماوەری لەم دروشمەدا چڕ دەکاتەوە، بۆیە پێویستە هەر شۆڕشێک و جولانەوەیەک دەبێ لەدروشمەکانیدا لەگەڵ جەماوەردا ڕاستگۆبێت و سازشی پێ نەکات لەگەڵ دوژمنەکانیداو هەرکاتێک بیەوێت جێگۆڕکێیان پێ بکات. ئەگەر سەرنج بدەین بەدرێژایی مێژووی سیاسی لەعێراق هەر لەدامەزراندنی سیستەمی پاشایەتی و تا ڕوخانی و سەرکەوتنی شۆڕشی 17 تەموزی 1958 و تا هاتنی بەعسیەکان بۆ سەر کورسی دەسەڵات دەبینن لەسەرجەم دانوستان و حیوارەکانی مێزی گفتوگۆی نێوان کورد و عەرەب هەمیشە بەشکست کۆتایی بەدانوستانەکان هاتووەو هەمیشە عەرەبی دەسەڵاتدار لەعێراق لایەنی ڕەتکردنەوەی ماف و خواستەکانی گەلی کورد بونەو هەر خۆشیان بەهەر بیانۆیەک بێت دانوستانەکەیان تێکداوەو کوردیان تۆمەتبار کردووەو بەتێکدەر وەسفیان کردووە. بەتایبەتی هاتنی بەعسیەکان و کۆنترۆلکردنی دەسەڵات و، پاوەنکردنی ئیتر بیری شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستی عەرەبی لەعێراقدا بەرامبەر بەماف و خواستەکانی گەلی کورد زیاتر چڕ بوونەتەوەو هەموو توانایی مادی و مەعنەوی خۆیان بۆ توانەوەی گەلی کورد لەناوی بۆتەی عەرەبیدا خستوەتە گەڕ بەهەموو شێوەیەک ویستوویانە ئیرادەی گەلی کورد تێک بشکێنن و لەخەباتی ڕەوای خۆی ساردی بکەنەوە، سەرەتا بەهێرشی کیمیابارانی هەڵەبجەو هەنگاوە بەدناوەکانی ئەنفال و وێرانکردنی 4500 گوندو خاکی کوردستایان بەجارێ سوتماک کرد. لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە 2003/4/9دا هەل و فرسەتێکی زێڕین هاتە پێشەوە بۆ گەلی کوردو سەرکردایەتییە سیایەکەی، بۆ قۆستنەوەو یەکلایی کردنەوەی شاری کەرکوک و ناوچەکانی دەوروبەری، لەبەر ئەوەی بەدرێژایی مێژووی سیاسی کوردی فرسەتی وای بەخۆیەوە نەبینی بوو کەوا بەم شێوەیە دوژمنەکەی لاوازو دەوڵەتێکی تێکدراو بێ، هێز لەبەردەمی‌دا بووەستێت، بەڵام مخابن ئەم فرسەتە نەقۆزرایەوەو سەرکردایەتی هەردوو حزبە زلهێزەکەی کوردستان بەرەو بەغدای پایتەخت بەڕێکەوتن و هەموو هەوڵ و کۆششەکان و زەمەنێکی زۆر بۆ بنیاتنانەوەی ئەم عێراقە تەرخانکرا. کەچی ئەم عێراقەش بەدرێژایی تەمەنی و بەهەردوو مەزهەبی عەرەبی سوننە و شیعەوە دژی خواستە ڕەواکانی گەلی کورد بوونەو هەمیشە دانیان بەمافەکانی‌دا نەناوەو ڕەتیان کردوەتەوە. ئەگەر بەراوردێکی پاکسازی تەعریب لەشاری خانەقین و کەرکوک بکەین دەبینین بەتەواوی ئەم پرۆسەیە لەخانەقین سەرکەوتووبووەو لەکەرکوکیش شکستی خواردووە ئەمەش بەتەواوی پەیوەندی بە ململانێی حزبییەوە هەبووە لەکەرکوک. بۆیە دەبینین لەدوای ئەنجامدانی دوو پرۆسەی هەڵبژاردن و، ڕاپرسیەک بۆ دەستووری وڵات و بەڕێوەبردنی و هەڵبژاردنی سیاسەتمەدارێتی کورد کە خاوەن خەبات و تێکۆشانێکی زۆرە کە ئەویش بەڕێز هەڤاڵ (مام جەلال)ە بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار، بۆ چوار ساڵی تری حوکمڕانی لەعێراق، لەگەڵ هەموو ئەم دەرفەت و لایەنی ئیجابی و کاریگەریە باشانە هێشتا چارەنووسی ناوچە ڕزگار کراوەکان تەم و مژاوی و نادیارەو جۆرێک لەدڵەڕاوکێ لەناو کۆمەلانی خەڵکی ئەم ناوچانەدا دروست کردووە. بۆیە دەبینین هەموو شۆڕشەکانی کورد لەهەموو گفتوگۆکاندا لەسەر مەسەلەی کەرکوک و ناوچە دەوڵەمەندەکانی دەوروبەریدا شکستی خواردووەو کورد ناچاربووە دەست بداتەوە خەباتی چەکداری بۆ بەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانی لەلایەن داگیرکەرانەوە، ئێستاش پاش تێپەڕبوونی ئەم زەمەنە دوودرێژە هێشتا عەقڵیەتی عەرەبی بەسوننەو شیعەشەوە گۆڕانی بنەڕەتی بەسەردا نەهاتووەو هەر بەچاوتەنگی و ڕەگەزپەرستیەوە دەڕواننە مافە ڕەواکانی گەلی کورد، کەچی سەرکردایەتی کورد لەگەڵ هەموو ئەو فاکتەرە نێو دەوڵەتی و دەرفەتە باشانە هەر تەئکید لە سەر یەکپارچەیی خاکی عێراق و سەروەری نیشتیمان و چەسپاندنی دیموکراسی دەکاتەوە، هەموو کاتێک عەرەبی سوننەو شیعە ئەگەر ململانێی فیکری تائیفیشین لەنێواندا هەبێت، بەڵام لەسەر مەسەلەی کوردو دژایەتی کردنی داخوازیەکانی کۆک و تەبان و هیچ جیاوازیەکیان لەنێواندا نیە. لەم ڕۆژانەدا لەزۆر لایەنی میدیاو کەناڵی بیانیەوە باس لەئاڵۆزبوون و قەیرانی ئەمنی و ئابووری و سیاسی عێراق دەکەن، وە پێشبینی دەکەن کە ئەم ڕەوشە زۆر دەخایەنێت، هەروەها یەکێک لەئەندام کۆنگریسمانەکانی ئەمریکا کە (جۆزیف بایدن)ە بەڕاشکاوی و بوێرانە بۆچوونی خۆی دەربڕی و گوتی: پێویستە عێراق دابەش ببێتە سەر سێ ناوچەی کوردنشین، سوننەنشین، شیعەنشین. بۆیە هەرزوو وتەبێژی کۆشکی سپی وەڵامی دایەوەو وتی: عێراقیەکان پێشنیاری وایان نەکردووە. بۆیە پێویستە لەسەر سەرکردایەتی سیاسی کوردو سەرجەم حزب و لایەنە سیاسیە کوردیەکان هەموو هەوڵ و خەباتی سیاسی و دیبلۆماسی و جەماوەری خۆیان بۆ دۆزی باشووری کوردستان چڕ بکەنەوەو نیگەرانی و تووڕەیی کۆمەڵانی خەڵکی باشووری کوردستان هێور بکەنەوەو هەنگاوی خزمەتگوزاری و دانانی بەرنامەیەکی زانستی بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات و ئاشکراکردنی بودجەی ساڵانەی حکومەت و دەستێوەرنەدانی حزب لەکاروباری حکومەت شەرعیەتدانی ڕاستی بەپەرلەمان و ئیحتراف کردن بەسەرجەم بڕیارەکانی پەرلەمان پەیوەست بوون پێیانەوەو هەوڵدان بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی گەندەڵی سیاسی و ئیداری و دارایی و سەرجەم دام و دەزگا حزبی و حکومیەکاندا، ڕاگەیاندن و گەیاندنی هەموو ڕووداوەکان وەکو خۆی بۆ جەماوەر، ئاشکراکردنی ڕاستیەکان. هەموو ئەمانە وامان لێدەکات کە جەماوەر زیاتر پەیوەستی و دڵسۆزی خۆی بۆ حکومەت و پەرلەمان نیشان بدات، خۆی بەخاوەنی کێشەکە بزانێت، خۆی بەمەسەلە نیشتیمانی و نەتەوەیەکەوە گرێ بدات.